

# ئەو رۆژەی ماڵەوەم بە جێهێشت بۆ مەبەستی چوونە شار

Lesley Koyi, Ursula Nafula
Brian Wambi
Agri Afshin
3
کوردی ckb



وێستگەی بچووکی پاسی گوندەکەی ئێمە، قەرەباڵغ و پڕ لە پاس بوو. لەسەر زەویەکە شتی زۆری لێ بوو کە دەبوایە بار کرابان. شاگردی شوفێرەکان بە دەنگی بەرز ناوی ئەو شوێنانەیان دەگوت کە پاسەکان بۆی دەچوون.



گوێم لە دەنگی شاگردشۆفیرێك بوو كە هواری دەكرد: “شار! شار! بەرەو رۆژئاوا!” ئەوە ئەوپاسە بوو كە من دەبوایە سواری بم.





ئەوپاسەی بۆ شار دەچوو خەریك بوو پڕ بێ، بەڵام خەڵکەکە هەرپاڵیان بە یەکترەوە دەنا بۆ ئەوەی بێنە ژوور و سوار بن. هەندێك بارەکانی خۆیان خستەناو سندووقی ژێرپاسەکە. هەندێکیشیان هێنایانەناوپاسەکە و لەسەر ڕەفەی ژوورەوەیان دانا.



گەشتیارە نوێیەکان بلیتەکانیان بە توندی لەناو دەستیان گرتبوو و لەناو پاسە قەرەباڵغەکەدا بە دوای شوێنێکدا دەگەڕان کە لە سەری دانیشن. ئەو ژنانەی کە منداڵی چکۆلەیان پێ بوو، هەوڵیان دەدا شوێنێکی گونجاو بۆ منداڵەکانیان دروست بکەن بۆ گەشتە دوورەکە.



من بە زۆر شوێنی خۆم لە تەنیشت پەنجەرەیەکەوە کردەوە. ئەو کەسەی لە تەنیشت منەوە دانیشتبوو، کیسەیەکی لایلۆنی سەوزی بە توندی لەنێو دەستدا گرتبوو. ئەو نەعلەکی کۆنی لە پێدا بوو، چاکەتێکی کۆنی لەبەردابوو، ئەو پەشۆکاو دیار بوو.



تەماشای دەرەوەی پاسەکەم کرد و زانیم خەریکە دێیەکەم بە جێ دێڵم. ئەو جێگیەی کە تێیدا گەورە بووم. من دەچوومە شارێکی گەورە.



هەموو کەلوپەلەکان بار کران و گەشتیارەکانیش لە شوێنەکانیان دانیشتن. دەستفرۆشەکان هێشتا بە چڵەپەستۆ دەهاتنە ناو پاسەکە، بۆ ئەوەی شتەکانیان بە گەشتیارەکان بفرۆشن. هەموویان ناوی ئەو شتانەیان دەگوت کرد کە بۆ فرۆشتن پێیان بوو. من پێموابوو ئەو وشانەی گوێم لێبوون، زۆر سەیر بوون.



هەندێك لە گەشتیارەكان خواردنەوەیان كڕی، هەندێكیشیان چەرەساتیان كڕی و دەستیان بە خواردن كرد. ئەوانەی پارەیان نەبوو، وەكوو من، تەنیا تەماشایان دەكرد.




ئەو جموجۆڵانە بە لێدانی هۆڕنی پاسەکە کۆتاییان پێ هات، کە ئەوە نیشانەیەک بوو بۆ ئەوەی کە ئێمە ئامادەین بۆ رۆیشتنین. شاگرد شوفیرێك هاواری کرد کە دەستفرۆشەکان دەبێ بڕۆنە دەرەوە.



دەستفرۆشەکان پاڵیان بە یەکترەوەنا بۆ ئەوەی لە پاسەکە بچنە خوارەوە. هەندێکیان باقی پارەکانیان بە گەشتیارەکان دایەوە. هەندێکیشیان لە کۆتایی کات هەوڵیان دا شتی زیاتر بفرۆشن.



کاتێک کە پاسەکە وێستگەکەی بە جێهێشت، من لە پەنجەرەوە تەماشای دەرەوەم کرد. بیرم لەوە دەکردەوە کە ئایا جارێکی دیکە دەتوانم بۆ گوندەکەم بگەڕێمەوە.



هەرچی سەفەرەکە بەرەو پێشەوە دەچوو هەوای ئۆتۆبوسەکە زۆر گەرمتر دەبوو. من چاوەکانم داخست و بەو هیوایەی خەوم لێ بکەوێت.



بەڵام بیرم هەر لە لای ماڵەوە بوو. ئایا دایکم سەلامەت دەبێ؟ ئایا دەتوانم هیچ قازانجێك لە کەروێشکەکانم بکەم؟ ئایا براکەم لە بیری دەبێ دارە سواکانم ئاو بدات؟



لە ڕێگا توانیم نێوی ئەو جێگیەی شارە گەورەکە لە بەر بکەم کە مامم لێی دەژی. لە بەر خۆوە قسەم کردن، هەتا خەوم لێکەوت.



نۆ کاتژمێر دواتر، بە دەنگێکی بەرز وەخەبەر هاتم کە دەنگی گەشتیارەکان دەکرد بۆ گەڕانەوە بۆ گوندەکەم. منیش جانتا چکۆلەکەم هەڵگرت و لە پاسەکە هاتمە خوارێ.




ئەوپسەی دەگەڕایەوە بە خێرایی پڕ بوو. گرنگترین شت ئێستە بۆ من ئەوە بوو کە بە دوای هڵی هممدا بگەڕێم.

# Global Storybooks

globalstorybooks.net

## ئەو رۆژەی ماڵەوەم بە جێهێشت بۆ مەبەستی چوونە شار


Lesley Koyi, Ursula Nafula
Brian Wambi
Agri Afshin


CC BY